ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
59
10 ی مایس/ مەی 2023

## ئاشتبوونەوەی حکومەت!



موحسین کەریم

دوای نزیکەی ٦ مانگ لە پەناگیری و بەشدارنەبوون لە کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیراندا، قوباد تالەبانی جێگیری سەرۆک وەزیران سەردانی هەولێری کردو لەگەڵ مەسروربارزانیدا کۆبوەوە. میدیاکانی نزیک لە نێچیرڤان بارزانی باسی دەوری نێچیر بارزانی دەکەن لە هێورکردنەوەی دۆخەکەو گەیاندنی هەردوولا بە دانیشتن و کۆبونەوە! بەڵام ئەم پڕوپاگەندەیە تەنها بۆخۆڵکردنە چاوی خەڵکە و ئامانجەکەی ناساندنی نێچیر بارزانیە وەکو چەترێکی گشتی و پۆستێکی باڵای بەڕێوەبردنی هەرێم نەک وەکو کەسایەتیەکی پارتی و بەشێک لە کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی کە ئاکامەکەی ئەو دۆخە سیاسیە چەقبەستوە بوو کە بەشێک لە سیاسەتمەدارانی باڵای هەردوو حزب پێشبینی مەترسی روخانی حکومەتەکەیان و قەوارە سیاسیەکەیان دەکرد!

بەدەرلەوەی ئەوان چ دەورو نەخشێک بۆ نێچیربارزانی نمایش دەکەن، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە دریژەکێشانی ئەو دۆخەی ئەو دوو حزبە تێی کەوتبوون، سەرەنجام مەترسی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی حکومەتەکەیانی کردبووە ئەگەرێکی لەچارەنەهاتوو. حکومەتێک کە هیچ کاتێک دەسەلاتێکی یەکگرتووی نەبوە بەسەر

بۆ لاپەرە ٢

## بەیاننامەی هاوبەشی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان، سەبارەت بە پشتیوانیکردن لەمانگرتنی کرێکارانی ئێران!

دوالاپەرە



## کرێکارانی کوردستان: کۆبوونەوە گشتیەکانی خۆتان سازبدەن و نوێنەرانی خۆتان هەڵبژێرن و لە ڕێگای نوێنەرانی دڵسۆزی خۆتانەوە داکۆکی لە مافەکانتان بکەن!

خەسرەو سایە

بۆ لاپەرە ٣



## کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەرە ٥

## وتەی دەشتی جەمال لە کۆنفرانسی ساڵانەی وەرکەر لیبەرتی Worker Liberty

لاپەرە ٧



## جەنگی دژە شۆڕشی سوپا و میلیشیاکان لە سودان!

نوری بەشیر

بۆ لاپەرە ١١

## چالاکیەکانی حزب بەبۆنەی ای ئایارەوە

لاپەرە ٩

## لەژێر فشاری ڕای گشتیدا عەلی مەحمود ناسراو بە عەلی سیاسی بەکەفالەت ئازادکرا!

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

## درێژەی......ئاشتبوونەوەی حکومەت!

هەمووی ناوچەکانی کوردستاندا، بەڵکو دوو ناوچەی نفوزی پارتی و یەکێتی بووە، بەڵام تا ئەو دەورەیە بەهەرجۆرێک بووە، جۆرێک لە رێکەوتن و پێکهاتنیان هەبوو لەنێوانیاندا لەسەر بەڕێوەبردن و دابەشکردنی داهات و دەسەڵاتی نێوانیان. حکومەتی هاوبەشیان تەنها ئەو رۆڵەی دیوە؛ واتە رۆڵی تەنسیقی نێوان دوو ناوچەو دوو زۆنی دەسەڵات.

ئەوەی ئاشکرایە دەوڵەتی ئەمریکا مانگانە برێک هاوکاری دارایی دەدات بە یەکێتی و پارتی بەناوی مووچەی پێشمەرگەو فەوجە سەربازیە هاوبەشەکانی نێوانیان. ئەم هاوکاریە داراییەی ئەمریکا لەبەرخاتری بەرژەوەندی سیاسی و سەربازی ئەمریکایە لە عێراق و سوریادا کە هێشتا پێویستی بەهێزی چەکداری پارتی و یەکێتی هەیە بۆ بردنەپێشەوەی ئەجنداکانی خۆی بەناوی جەنگ دژی داعش. ئەمریکا پێگەی لە عێراق و سوریادا، لە پەیوەند بە دەسەڵاتە ناوەندیەکانی سوریا و عێراقەوە لاوزە، بۆیە بەناچاری پیویستی بەوەیە کە دەست بۆ ئەو هێزانەی دیکەی وەکو پارتی و یەکێتی و هێزەکانی سوریای دیموکرات لە سوریا بەرێت، تا وەکو بنکەیەکی مانەوەو دەخالەتی لە هەردوو وڵات وبگرە لەناوچەکەدا بەکاریان بهێنێ. بۆیە یەکێک لە لایەنە هەرە بەهێزەکانی فشار بۆسەر یەکێتی و پارتی کە کۆتایی بەو دۆخە بنبەستەی نێوانیان بهێنن، ئەمریکاو نێردەکانی ئەمریکا بووەو هەڕەشەی برینی هاوکاریە داراییەکانیان لێکردوون و چەندینجاریش نێردەی نەتەوەی یەکگرتووەکان لە عێراق، بلاسخارت، کە دەوری قسەکەری غەیرەرەسمی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراق و کوردستان دەبینێت، بەئاشکرا ئەوەی پێ راگەیاندوون کە دۆخەکە بەوجۆرە نامێنێتەوەو ئەگەری لەدەستچوونی دەسەڵاتەکەیان هەیە!

لەماوەی رابردوودا، هەریەکە لە پارتی و یەکێتی، سەرەرای ئەو فشارو ئاگادارکردنەوانەی ئەمریکاو نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان، کارتی فشاریان لەسەر یەکتر بەدەستەوە بوو. هەریەکەیان هەوڵی دەدا تادوا سات کارتەکەی لەدژی بەرامبەرەکەی بۆ تەسلیمکردنی بەکاربهێنێ، بەڵام ئەم ئیمکانە ئیتر لە شوێنێکدا دەپچرا! فشارەکانی یەکێتی بۆ گەڕانەوە بۆ لای بەغداو دەستبەرداربوون لە هەولێر، بەکردەوە مانای هەڵوەشاندەوەی حکومەتی هەرێم بوو. تا چەندە یەکێتی دەیتوانی ئەم کارتە رابکێشێ، ئەوە خۆی موغامەرەیەکی سیاسی ترسناک بوو کە ئاییندەکەی بۆ خۆشی نادیار بوو. پارتیش، کە کارتی فرۆشتنی نەوتی لەدەستدا بوو، بە وەگرتنەوەی ئەو کارتە لێی لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە، تووانای مانۆڕکردن و توندکردنەوەی فشارەکانی بۆ تەسلیمکردنی یەکێتی لاوازتربوو. بۆیە لەم هەلومەرجە سیاسیە دیاریکراوەدا و لەم رادەیە لە هاوسەنگی هێزو توانای مانۆڕی سیاسی هەردوولادا، بەناچاری لەنیوان هەڵوەشانەوەی حکومەت و لەدەستدانی دەسەڵات و گەڕانەوەی هەردوو ناوچەی دەسەڵاتیان بۆژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی، یان راگرتنی دۆخەکەو هێشتنەوەی حکومەت و پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکانی خۆیانەوە بۆماوەیەکی دیکەش، ئەوەی دوەمیان هەڵبژاردو هەردوو لایان ملیان بەوەدا کە گیچی فشارەکانیان بۆسەر یەکتری خاوبکەنەوەو دوبارە دەست بکەنەوە بە گفتوگۆ و دانوساندن لەسەر دابەشکردنەوەی پۆست و دەسەڵاتە داهاتەکان لەنێوان خۆیاندا.

بەڵام ئەو هەنگاوە تەنها سەرەتای دەستپێکردنی سەوداو مامەڵەکەیە. ئەوەی کە ئایا سەرەنجام بەوە دەگات بڕیار لەسەر هەڵبژاردن بدەن و ئەوە دابین بکەن کە ئاکامی هەڵبژاردن دوبارە دەسەڵاتی ئەو دوو هێزە میلیشیاییە بەسەر ناوچەکانی دەسەڵاتی خۆیاندا مسۆگەردەکات، ئەوە نادیارەو دەبێتە بابەتی دەورەیەک لە کێشمەکێشی نێوان یەکێتی و پارتی لە ئایندەدا کە ناتوانرێ پێشبینی ئاکامەکەی بکرێ!

بەڵام مەسەلەیەک کە دەهێنێ قسەی لەبارەوە بکرێ، ئەو هەراو زەنایەیە کە نەوەی نوێ و سەرۆکەکەی دەربارەی هەڵبژاردن و کۆتایی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەهاوکاری ئەمریکاو وڵاتانی دەرەوە لەرێگای هەڵبژاردنەوە دەیکات. یەکێتی و پارتی وەکو دوو هێزی چەکداری بۆرژوازی بەهیچ جۆرێک لە پەیوەند بەژیان و مافەکانی خەڵکەوە لەلایەن ئەمریکاو وڵاتانی رۆژاواوە گلەییان لەسەر نیەو هاوکاریش دەکرێن. ئەوان وەکو پاسەوانی ئەو ناوچەیە تەماشایان دەکەن و مامەڵەیان دەکەن نەک وەکو دەسەڵاتداری رەسمی و دانپێدانراو، هەربۆیەش هیچکات پشتیوانیان لە دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەکردوە لە کوردستان. بەوجۆرە هەڵبژاردن و دەنگدان بەقەدەر سەرە دەرزیەک نەخشی نیە لە پێگەو جێگەی ئەواندا لای ئەمریکاو رۆژاوا. بۆیە پروپاگەندەی ئەوەی کە ئەمریکاو ئەوروپا دەیانەوێ هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ تا دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بدەنە دەست هێزی براوەی هەڵبژاردن، بێجگە لە ورێنەی کاتی تاو لەرزی نەخۆشێکی گرانەتا زیاتر نیە.

ئەوەی بڕیار دەدات هەڵبژاردن بکرێ، یەکێتین و پارتین وەکو دوو هێزی میلیشیایی دەسەڵاتدار. ئەوەی تائێستا نەکراوە، سەرباری داواکاری ئەمریکاو هوشداریەکانی نێردەکانی و پلاسخارت، ئەوەبووە کە یەکێتی و پارتی ئامادەنەبوون ئەوکارە بکەن مادام دڵنیا نەبوون لە ئاکامەکەی! ترسەکەشیان لە هێزیکی وەکو نەوەی نوێ یان هیچ هێزێکی دیکەی بەناو ئۆپۆزیسیۆن نیە، بەڵکو لەلایەکەوە ترسیان لە تێکچوونی هاوسەنگی نێوان خۆیان هەیە. بەتایبەتی یەکێتی ترسی لەوە هەیە کە ئاکامی هەڵبژاردن زیاتر تای ترازووی

⇦

سیاسی بەلای پارتیدا قورستر بکات. بەڵام ئەگەر گفتوگۆکانی داهاتوویان ئەوە زامن بکات، ئەوا یەکێتی و پارتی بەپێی داوای ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دەچن و هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن! لایەنێکی دیکەی ترسی ئەو دوو حزبە لە هەلبژاردن ریسوابوونی پێگەی ئەو دووحزبەیە لەناو خەڵکداو ئەگەری بەشداری نەکردنی فراوانی خەڵکە لە هەڵبژاردندا، کە ئەوەش ئەو بانگەشەیەی یەکێتی و پارتی لای حکومەتی ناوەندی و دەوڵەتان بێبەها دەکات بەوەی گوایە ئەوان نوێنەری شەرعی خەڵکی کوردستان و ئامانج و خواستەکانی ئەوانن!

گومان لەوەدا نیە کە خەڵکی کوردستان ساڵانێکی زۆرە ئەزموونی دەسەڵاتی ئەو دوو حزبەو حکومەتی هاوبەش و ئاشتی و شەڕیان دەکەن، بۆیە ئەگەری ئەوەی کە خەڵک ئومید بەرێکەوتنی ئەوان و حکومەتی هاوبەش و هەڵبژاردنیان ببەستێ و لەوەش قورستر ئومێد بە چاکسازی و باشبوونی ژیان و گوزەران و ئایندەی لەژێرسایەی دەسەڵاتی ئەواندا ببەستێ وەکو سەراب دێتەبەرچاو. بەشدارینەکردنی خەڵکی کوردستان لە دوادەنگدان و هەڵبژاردندا بۆ پەرلەمانی عێراق، نارەزایەتیەکانی کارمەندان و خەڵک بەگشتی دژی حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی ئەو دووحزبە لە ساڵانی ڕابرووردا و هیواخواستنی خەڵک بۆ نەمانی دەسەڵاتیان شتێکی شاراوە نیەو خودی بەرپرسانی ئەو دووحزبە لەچەند بۆنەدا ئاماژەیان پێکردووە وەکو مەترسی لەسەر دەسەڵاتەکەیان و خۆیان دەبینن.

بۆیە ئەم ئەلقەیەش لە کێشمەکێش و ئاشتبونەوەی نێوان ئەو دوو حزبەو هەنگاونان بەرەو هەڵبژاردن و پروپاگەندەکانی ئۆپۆزیسیۆن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا، گوایە بۆئەوەی لەرێگای دەنگدانی خەڵکەوە بەوان کۆتایی بەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بهێنن، وەکو پووش و پاڵاشی کەنار روبار دەکەوێتە لاوەو خەباتی خەڵکی کوردستان لەدژی دەسەڵاتی میلیشیایی گەندەڵ و ستەمکارو نایەکسان و تالانچی بەردەوام دەبێت.

★

# کرێکارانی کوردستان: کۆبوونەوە گشتیەکانی خۆتان سازبدەن و نوێنەرانی خۆتان هەڵبژێرن و لە ڕێگای نوێنەرانی دڵسۆزی خۆتانەوە داکۆکی لە مافەکانتان بکەن!

نارەزایەتی و مانگرتنە کرێکاریەکان چ لەناو کارگەو چ لەبەردەم بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکاندا، هەمیشە هاوکات بووە لەگەڵ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی کۆبوونەوە گشتیەکانی کرێکاراندا. هاوکات هۆکار و بزوێنەری ئەم کۆبونەوە و ئەم نارەزایەتیانەی کرێکارانی کوردستان، کۆمەڵە خواستێکە کە کرێکاران بۆ باشکردنی دۆخی کارو ژیانی خۆیان و دورخستنەوەی ئەو زەخت و زۆرو زوڵم و ستەمەی کەخاوەنکارەکان بەپشتیوانی حکومەت، بەسەر کرێکاراندا دایانسەپاندووە، دەستیان بۆ بردووە. بێگومان بۆئەوەی ئەم نارەزایەتی و کۆبوونەوانەی کرێکاران بەئامانجی خۆیان بگەن و خواستەکان بەدیبهێنێ، دەبێت رێکخراوترو بەهێزتر درێژەی پێبدرێت و کرێکاران وەک جەستەیەکی یەکپارچە لەمەیداندا رابگرێ. لێرەوەیە کە گرنگی و رۆڵی سازدانی کۆبوونەوەی گشتی کرێکاران، وەک شێوازێکی رێکخراوبوونی کرێکاری دێنێتەپێشەوە، ئەویش لەدۆخێکدا کە کرێکارانی کوردستان خاوەنی سەندیکاو، شوراو رێکخراوەی جەماوەری فراوان و بەهێز نین، تا لەرێگایانەوە بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیان تێبکۆشن.

کەوایە مەبەست لە کۆبوونەوەی گشتی کرێکاران چیە و کێ بانگەوازی بۆ دەکات؟.

کۆبوونەوەی بەکۆمەڵی کرێکاران لەکاتی کارو پشووی ناوکارگەدا، هەروەها کۆروکۆمەڵە کرێکاریەکان و خێزانەکانیان لەگەرەک و لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، یەک دیاردەی سادەی رێکخراوبوونی جێکەوتیە لەناو کرێکاراندا. کۆبوونەوەی گشتی کرێکاران لەناو کارگەو لەدەرەوەیدا، چالاکبوونەوەی ئەم پێکهاتوە سروشتیانەی نێو چینی کرێکارو خاڵی بەیەک گەیشتنی هوشیاری و ئەو پەیوەندیانەیە کە کرێکاران رۆژانە چ لەکاتی کارو چ لەژیانی بەکۆمەڵی خۆیاندا هەیانە، ئەویش لەدۆخێکدا کە کرێکاران نارازین و خواستیان هەیە و متمانەیان بەیەک پەیداکردووە کە لەدەوری ئەو خواستانە پێکەوە بۆ باشکردنی دۆخی کارو ژیانیان کۆببنەوەو بێنەمەیدانەوە. لەیەک وتەدا کۆبوونەوەی گشتی کرێکاریی حاڵەتێکی سروشتی چینی کرێکارەو لەگەڵ نارەزایەتیەکاندا تێکەڵەو وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی داخوازیەکان کرێکاران دەستی بۆدەبەن.

لەلایەکی ترەوە کۆبونەوەی گشتیە کرێکاریەکان، لەلایەن خودی کرێکاران خۆیانەوە راستەوخۆ بانگەوازی بۆ دەکرێت. بەتایبەتیش کرێکارانی پێشرەو و هەڵسوراو کە دەرکیان بەوە کردووە کە هاتنەمەیدانی یەکگرتوانەی کرێکاران، تەنها رێگای بەدیهێنانی خواستەکانە، ئەم توێژە لە کرێکاران هەمیشە دەستپێشکەرن لە بانگەوازکردنی کرێکارانی هەر ناوەندێکی کاردا بۆ بەرپاکردنی کۆبوونەوە گشتیەکان. بەمجۆرە کۆبوونەوەی گشتی کرێکاری، شێوازی رێکخراوێکی "ئاسنین و پۆلایین" نیە کە کە لە دەرەوەی کرێکارانەوە بانگەوازی بۆکرابێ و بەجیا لەکرێکاران خۆیان و یاساو بریارو بەرپرسی بۆ داتاشرابێت. بەڵکو زۆر بەسادەیی هەوڵی هاوبەشی کرێکاران و کۆبوونەوە لەدەوری خواستی هاوبەش و هوشیاربوونەوە بەوەی کەهێزی چینی کرێکار لەیەکگرتوبون و رێکخراوبونیاندایە، بەسە بۆ سازدان و بەرێخستنی کۆبونەوەی گشتی کرێکاری لەهەر ناوەندێکی کاردا.

جگەلەمەش سادەیی کۆبوونەوەی

گشتی کرێکاری لەوەدایە کەهەموو کرێکاران ڕاستەوخۆ ئەندامی کۆبونەوە گشتیەکانن و مافی وەک یەکیان هەیە لەبەشداریکردن و دانی هەر بڕیارێک و گەڵاڵەکردنەوەی هەر خواستێک و هەڵبژاردنی نوێنەرانی کرێکاراندا. دیارە ئەوەشی کە هەموو کرێکاران پێکەوە لە کۆبوونەوە گشتیەکاندا کۆدەکاتەوە تەنها نارەزایەتی و خواستی هاوبەشیانە. بەڵام بۆئەوەی ئەم کۆبوونەوە گشتیانەی کرێکاران کارامەیی و هێزی کرێکاران لەخۆیدا بەرجەستەبکاتەوە و کاریگەری لەسەر خاوەنکارەکان دابنێت، دەبێ مونەزم و پایەدارو بەردەوامیان پێبدرێت. دەبێ کرێکارانی پێشڕەو و هەڵسوڕاو، تێبکۆشن دەرک و هوشیاری کرێکاران بەزەرورەت و گرنگی ئەم کۆبونەوە گشتیانە ببەنەسەرەوە تا ئاستی بەشداریکردن و یەکگرتوویی کرێکاران لەکۆبوونەوە گشتیەکاندا پایەدارو بەردەوام بێت. کەوایە مەبەست چیە لە کۆبونەوەی گشتی مونەزەم و پایەدار؟ چۆن بەردەوامی کۆبونەوە گشتیەکان بەدەست دێن؟

تەنها خاڵێک کە پایەدارکردن و مونەزمکردنی کۆبوونەوەی گشتی کرێکاران زامن دەکات هوشیاری و بڕیاری خودی کرێکارانە، هوشیاری بەو مانایەی کە کرێکاران پەییان بەو ڕاستیە بردبێت کە یەکگرتویی و کۆبوونەوە لەدەوری یەک تەنها ڕێگای گەیشتنە بەخواستەکان. بڕیاردانیش بەومانایەی کە کرێکاران پێکەوە و بەپشت بەستن بەخۆیان بڕیار لەسەر کێشەو گرفتەکانی خۆیان و دۆخی کارو ژیانیان بدەن و کەسانێک وەک نوێنەر دیاری بکەن تا هەم بانگەواز بۆ کۆبوونەوەکان بکەن و هەم ئەو باسانە پێشنیار بکەن کە پێویستە کرێکاران لەبارەیانەوە ڕاوێژ بکەن و بڕیاریان لەسەر بدەن.

بەدیوێکی تردا هەڵبژاردنی نوێنەرانی کرێکاران بۆ نوێنەرایەتیکردنی کرێکاران و خواستەکانیان لەبەرامبەر خاوەنکارو یاساو حکومەتدا، پێویستیەکی ترە بۆ پایەدارکردنی کۆبوونەوە گشتیەکان. بەتایبەتی کە کرێکاران لەڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرە دڵسۆز و هەڵسوڕاوەکانی خۆیانەوە دەتوانن داواو خواستەکانی خۆیان بدەن بە بەڕێوەبەری کارگە و بەنوێنەرایەتی ئەوان بکەونە دانوسانەوە.

لەدۆخی ئێستادا کە کرێکارانی کوردستان یاسای کارێک نییە بەهەر ڕادەیەک بێت، مافو ئازادیەکانیانی بەڕەسمی ناسبێت، لەکاتێکدا کە ئازادی مانگرتن و ڕێکخراوبونی کرێکاری بەڕەسمی بۆ کرێکاران ناناسرێت و حوکمەتیش لەژێرناوی ئابوری بازاڕدا، دەستی خاوەنکارو کۆمپانیاکانی ئاوەڵاکردووە کە بۆ کۆکردنەوەی قازانجی زۆرو زەبەندیان تا ئەوپەڕی خۆی کرێکاران بچەوسێننەوە و مافەکانیان ژێرپێ بنێین، دەستبردن بۆ کۆبوونەوەی گشتی کرێکاری و هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان و لەم ڕێگایەشەوە مونەزەمکردن و بەردەوامیدان بەم شێوازە لەخۆڕێکخراوبوونی کرێکاری دەکاتە چەکێکی حەیاتی کرێکاران لەخەباتی ڕۆژانەیاندا بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان و باشکردنی دۆخی کارو ژیانیان. کۆبوونەوە گشتیەکان وەک ئەوەی نەمۆڵەتی دەوێت و نەپێویست بەهیچ بەڵگەنامەیەکی ڕێکخراوەیی هەیە و ڕاستەوخۆ لەلایەن کرێکارانی هەر ناوەندێکەوە دەتوانرێ دەستی بۆ ببرێت، سادەترین و کارسازترین شێوازی ڕێکخراوبوون و یەکگرتوکردنی کرێکارانە لەئێستادا. کەوایە هاوڕێیانی کرێکار بۆئەوەی خواستەکانتان بەدەست بهێنن، بۆئەوەی لەبەرامبەر زوڵم و دەستدرێژیەکانی خاوەنکاردا ڕابوەستنەوە، کۆبوونەوە گشتیەکانی خۆتان سازبدەن و نوێنەرانی دڵسۆزی خۆتان هەڵبژێرن. ئەمە تەنها ڕێگای سەرکوتن و گەیشتنە بەداخوازیەکانمان.

## چالاکیەکانی بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار بەبۆنەی یەکی ئایارەوە لەسلێمانی

بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار، بەبۆنەی یەکی ئایارەوە دوو جالاکی لە سلێمانی ئەنجام دا

ڕۆژی ٢٩ی نیسان بڵاوکراوەی دەنگی کرێکار، بەهاوکاری(وێستگەنیوز)،بە بەشداری دەیان دەزگای ڕاگەیاندن، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دەربارەی ئاماری قوربانیانی کار لە کوردستان لەماوەی ١٦ مانگی ڕابردوودا بەست، کە بەهۆی ناسەلامەتی شوێنی کارو بێدەربەستی خاوەنکار و کۆمپانیاکان لەوماوەیەدا ٧٩ کرێکار ژیانیان لەدەستداوە.

ڕۆژی یەکی ئایاریش، لە نزیک بەردە قارەمان لە ناوچەی بازیان کە ناوچەیەکی پیشەسازی گرنگی سلێمانی و عێراقە و دەیان کارگەو کۆمپانیای پیشەسازی لەو ناوچەیە خەریکی بەرهەمهێنانن، بە دەستپێشکەری بڵاوکراوەی دەنگی کرێکارو هاوکاری ڕێکخستنەکانی حزب لە سلێمانی و ژمارەیەک لە هەڵسوراوانی کرێکاری ناوچەکە، مەراسیمێکی شکۆمەند بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە کرێکارانی کارگەکان و ژینگەپارێز و بیناسازی بەڕێوەچوو. سەرباری وتاری وەستا مەهدی سەرنوسەری دەنگی کرێکار، چەندین کەسایەتی و هەڵسوراوی کرێکاری ووتەو قسەوباسی خۆیان سەبارەت بە دۆخی سەختی کرێکاران و پێویستی هاتنەمەیدانی کرێکاران بۆ بەرگریکردن لەژیان و گوزەران و ئایندەی خۆیان پێشکەشی ئامادەبوان کرد.

# کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان!

عوسمانی حاجی مارف

هەرچەندە لەتەواوی ژیانی سیاسی دەسەڵاتداریەتی حکومەتی بەعسدا، بێزاری و نارەزایەتیەکی فراوان و سەراسەری بەتایبەت بەرامبەر بە دەورانی دەسەڵاتداری سەدام دەبیسرا و دەبینرا، بەڵام ئامادەیی بۆ کۆتاییهێنانی ئەو حکومەتە درندەیە، لە هاوسەنگی و توانای هەڵسورانی جەماوەری خەڵکی عێراقدا گەشەی نەکردبوو. دواتر پاش هەشت ساڵ لە جەنگی ئێران و عێراق و جەنگی کەنداوی ١٩٩١، تا ئاستێکی زۆر حکومەتی عێراقی لاوازو پەریشان کردبوو، هەڵبەتە لەبەرئەوەی لەبەرامبەریدا ڕیزی یەکگرتوی ئیرادەی جەماوەری نارازی و نیشاندانی ئەڵتەرنەتیفێکی سەربەخۆ بۆ هێنانە مەیدان و دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا گەڵاڵە نەکرابوو، سەدام بە هەر ئابلوقەیەکی ئابوری کە بەسەریدا سەپێنرابوو، دەیتوانی بەردەوامی بە دەسەڵاتە سەرکوتگەریەکەی بدات، بەبێ ئەوەی سڵ لە هەر نارەزایەتی و بەرامبەرکێیەک بکات کە لە بەرامبەریدا دەوەستا.

ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٣دا تەواوی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقی لەیەک هەڵوەشاندو کۆتایی بە حکومەتی عێراق و دەسەڵاتی سەدام هێنا، لەهەمانکاتدا شیرازەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراقی شێواندو لێکترازان و وێرانیکرد، ئاشکرایە ڕۆڵی هێرشی سەربازی و داگیرکاری دەوڵەتی ئەمریکاو پیادەکردنی نەخشەکانی ئەمریکا بووە لە ناوچەکەدا بەگشتی و لە عێراقدا بەتایبەتی.

عێراقی دوای ٢٠٠٣، دەورانێکی تەواو جیاوازترو جەنجاڵترە لە پرۆسەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، کە بە پڕ لە کارەسات و نەهامەتی و نائارامی پێناسە دەکرێت. ئەو هێزە ئیسلامیانەی بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە کە لە تەواوی هەڵسورانی سیاسیاندا نەیانتوانی هەناسەبدەن لە بەردەم حکومەتەکەی سەدامدا، داوتر بە ناوی گروپی جیاوا هێزی میلیشیاوە، سەرشۆرانە چارەنوسی خۆیان گرێدا بە چارەنوس و دەورو نەخشەکانی ئەمریکاوە. لەهەمانکاتدا پاشکۆبوونی خۆیان بۆ دەخالەتی ئێران لە مەیدانی سیاسی عێراقدا سەلماند. هەر لەم نێوەشدا حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بوونە "هاوخەبات" و هاوسەنگەر و هاوبەشی ئەو گروپ و هێزە ئیسلامیانە، کە پێکەوە حکومەتی تەوافقی و بەشبەشێنەیان پێکهێنا، بە ئامانجی تالانچێتی و جەردەیی و داگیرکردنی چاڵە نەوتیەکان و دابەشکردنی تالانکاریەکانیان. لەهەمانکاتدا تاقیکردنەوەی هێزەکانیان بۆ دەسەڵاتی سیاسی بە هێزی میلیشیاو لەهەمانکاتدا پارچە پارچەکردنی عێراقیان بە پێوانەی نفوز و پێگەی چەکداری و سیاسیان لە هەر پارچەیەکدا بەرێوەدەبرد.

ئەوەی بەدوای ٢٠٠٣وە گوزەرا، جێگای خۆیەتی ئاماژەی پێبدەین، بەرزی ئاستی هاوسەنگی حزبەکانی کوردایەتی بوو لەو سەرەتایەدا، واتە پارتی و یەکێتی، لەلایەک بۆ بەشدارییان لە حکومەتی عێراق و پیکهێنانی حکومەتدا ڕۆڵی تایبەتیان نمایش دەکرد. لە لایەکی ترەوە فراوانکردنی نفوزی سیاسیان و دامەزراندنی هێزەکانیان بوو لەو ناوچە کوردنشینانەی کە پێشتر لەژێر سایەی دەسەڵاتی حکومەتی بەعسدا بون.

هەرچەندە ئاستی پێگەی حزبەکانی کوردایەتی باڵاترو بەتواناتر بون لە تەواوی ئەو هێزە ئیسلامی و تائیفیانەی کە لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا ڕۆڵیان دەبینی، بەڵام پارتی و یەکێتی نەیاندەتوانی و نەیاندەویست جگە لە جەردەیی و تالانی لەسەر بنەمای نەخشەو سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا، سنوربەزێنی لەسەر ئەو ناوچانەدا بکەن کە حکومەتی عێراق خۆی بە خاوەنی دەزانی، یان نەیانتوانی و نەیانویست حکومەتی تایبەت بە خۆیان دامەزرێنن و ئەو ناوچانە لە عێراق جیابکەنەوە. هەربۆیە بەشێوەیەکی کاتی ڕێکەوتن لەسەر مادەی ١٤٠و هێشتنەوەی کێشەکان بۆ کاتێکی "گونجاوی" نادیار! ناچار ناویان لێنا، ناوچە کێشە لەسەرەکان، یان ناوچە جێناکۆکەکان.

بە دوای ٢٠٠٣وە ناوچە جێناکۆکەکان، بەتایبەتی شاری کەرکوک کە مەوقعیەتێکی تایبەتی هەبوو لە کێشەو پەیوەندی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمدا، بەڵام بەشێوەیەکی نافەرمی و بوونی هێزی میلیشیای حزبەکانی کوردایەتی، ئەو ناوچانە لەژێر سایەی دەسەڵاتی هێزەکانی یەکێتی و پارتیدا مایەوە، ئەم هێزانە لە دەورانی باڵادەستیان و شێوازێک لە حکومرانی، جگە لە وێرانکردنی شارەکەو بێزارکردنی دانیشتوانەکەی و خولقاندنی فەزایەکی نائارام، هەروەها بە خولقاندنی دۆخی کینەی نەتەوەیی دژ بە خەڵکی تورکمان و عەرەبزمان، هەرگیز کاریکی ئەرێنی و دڵخۆشکەریان لێ چاوەڕوان نەکرا.

لە ٢٠٠٣وە تا ٢٠١٧ چەندین گفتوگۆو دانوسان و ڕێکەوتنی بێئاکام لەنێوان هەرێم و بەغداد بانگەشەی بۆ کرا، بەو مانایەی هەر هێزێک بەگوێرەی توانایی هاوسەنگی هێزەکەی و ئەو نەخشە سیاسیەی بە قازانجی خۆیەتی لەو گەمانەدا دەوریان دەبینی، تا زیاتر پێگەی خۆیان بەرنە پێشەوە و جێگایان بێتەوە، لەهەمانکاتدا هیچ جدیەتێک لە ئاراستەی هیچ لایەنێکیاندا نەبیستراو نەخرایەڕوو بۆ چارەسەری کێشەکانیان، لەونێوەدا تەنها بەرزکردنەوەی ئاستی هاوسەنگی هێزەکانیان، پێوانەی هێنان و بردنی دانوسان و کێشەکانی نێوان خۆیان و گەمە سیاسیەکانیان بوو، لەپێناو کۆنترۆڵکردنی چاڵە نەوتەکان و

نیشاندانی نفوزو باڵادەستی هێزەکانیان، نەک هەوڵدان بۆ جێگیری سیاسی و بیرکردنەوە لە ژیانی خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی بۆ دانیشتوانەکەی. بۆیە ریکلامی ئەوەی کەرکوک دڵی کوردستانە، کەرکوک قودسی کوردستانە تەواو پروپوچ و بێماناو ریسوا دەرهات، تا ئەوکاتەی هاوسەنگی و توانای هێزەکانی حکومەتی عێراق لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧دا گەیشتە ئەو ئاستەی توانیان بە هێرشی سەربازی هێزەکانی پارتی و یەکێتیان لە کەرکوک بە ئاسانی و بەکەمترین خەرج دەرپەڕاند.

ڕوداوەکانی ٢٠١٧ دیفاکتۆی ئەو مێژووە ناڵەبارەبوو کە شکاندنی پۆزو شکۆی ئاستی هاوسەنگی بزوتنەوەی کوردایەتی نیشاندراین، لەبری بانگەوازی کوردستانی سەربەخۆ و ئابوری سەربەخۆ، ناچارکران بە قەبوڵکردنی گەڕانەوەو ملکەچی بۆ بەغداد، هەر لەسەر درێژەدان بەم پرۆسەیە، ئیتر پەروەندەی کێشەیەک لە ئارادا نەما کە ناوی ناوچە کێشە لەسەرەکان و مادەی ١٤٠ بێت.

بەمانایەک بەجیا لەکۆتاییهێنان بە پەروەندەی ناوچە جێناکۆکەکان کە لەناو گەمەی سیاسی پارتی و یەکێتی و حکومەتی عێراقدا وەک کارتێکی قومار یاریان پێدەکردو دواتر پارتی و یەکێتی دۆڕاندیان، لەهەمانکاتدا مەسەلەی کوردو چارەنوس و ئایندەی خەڵکی کوردستانیش، بووە قوربانی پێداویستی و بەرژەوەندی سیاسەتی ڕۆژو گەمەی سیاسی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، کە لەناو گێژاوێکی سیاسی و ئاڵۆزتردا لەقاڵب دراو بە جێهێڵرا.

هەر بۆیە دەبینین هەمو ئەو سەوداو مامەڵانەی پارتی و یەکێتی کە هاوکاتی یەکلایی نەبونەوەی کێشەکانی نێوان خۆیان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، درێژەی پێئەدەن و هەر لایەکیان لە پارتی و یەکێتی بە ئەجندای جیاوازەوە پێشوازی لە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق دەکەن، جار لەگەڵ جار خەسڵەتی خۆڕادەستکردنی زیاتر و واقعیەتێکی نارۆشن لە ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان و چارەنوسی کوردستان دەخەنەڕوو.

لەگەڵ هەر پاشەکشەپێکردن و سنورداركردنێكی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا، لە دواشیکردنەوەدا بەمانای ئەوە نابێت کە کۆتایی دەسەڵاتیان دەبێت لە کوردستاندا.

هەڵبەتە هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردستان بەگشتی و پێگەی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم لە ئێستادا لەو ئاستەدا نیە کە کێشەکان بە ئاسانی و سادەیی بەیەکجاری یەکلایی ببنەوەو تەواو کۆتاییان بێت، بەجۆرێکی تر ئەوە بڵێم بە هەر فشارێک کە لەسەر بزوتنەوەی کوردایەتیە و دابەزینی زیاتری ئاستی هاوسەنگی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیە، بەڵام لە کۆتایدا بەهەر ئاستێک لە هاوسەنگی، ئەو ئاڵوگۆڕو پێشهاتانەی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا پێشبینی دەکرێت لەجۆری ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری، فرسەتی ئەوە بۆ پارتی و یەکێتی دەمێنێتەوە تا پەناگایەک بۆ بەردەوامی دەسەڵاتیان و بەردەوامی بە تالانچێتی و کەڵەکەی سەرمایە پەیدا کەنەوە، بەوپەڕی سوکایەتی و ریسوایش بێت دەمێننەوەو بەشدار دەبن لە دابەشکردنی هەر جەردەیی و تالانچێتی و کەڵەکەیەکی سەرمایەدا کە بوتە ڕۆتینی ژیانی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق و لە کوردستاندا.

واتە بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاسودەو بە ئاسایش و خۆشگوزەران لە کۆمەڵگەی عێراق و کوردستاندا، پێش هەمو شتێک ، پێویستی بە خرۆشان و شۆڕشێکی جەماوەریە کە تەواوی دەسەڵاتی هێزە میلیشیا قەومی و تائیفیەکان پاککەنەوە.

★

## چەند بەش لە بەیاننامەی حزب سەبارەت بە دەستگیرکردنی عەلی مەحمود لەلایەن دەزگای ئاسایشی پارتیەوە

“سەرلەبەیانی ئەمڕۆ سێشەممە، ڕێکەوتی ٢٥ ی نیسانی ٢٠٢٣، هێزێکی چەکدار هەڵیانکوتاوەتەسەر ماڵی عەلی مەحمود (ناسراو بە عەلی سیاسی) و ڕفاندوویانە.
دوای چەند کاتژمێرێکیش لە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە و دەربڕینی ناڕەزایەتی لەلایەن ئازادیخوازانەوە، وتەبێژی ئاسایشی هەولێر پاساوی بۆ ڕفاندنەکەی بەوە کردوە کە گوایە عەلی مەحمود داڵدەی کەسێکی داوە کە لەلایەن یاساوە داواکراوە، ئەوانیش بەو ''تاوانە'' ناوبراویان دەستگیرکردووە!

ڕفاندنی عەلی مەحمود کە خۆی هەڵسوڕاوێکی سیاسی ئازادیخواز و بواری جینۆسایدی ئەنفالە و چەندینجار لەدژی دەسەڵات قسەی کردووە و لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکاندا بەشداریکردووە، هیچ پاساوێکی نییە جگە لە کردەوەیەکی سەرکوتگەرانەی دەسەڵاتدارانی هەولێر و پێشێلکردنی ئاشکرای ئازادیی هەڵسورانی سیاسی.

بەتایبەتی لەکاتێکدا ناوبراو لە یادی ئەنفالەکاندا و لە بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا بەئاشکرا باسی لەوەکرد کەسانێک کە دەستیان هەبووە لە ئەنفالکردنی خەڵکدا ئێستا لە هەولێر دەسەڵاتدارن. ... .........

ئەگەر بەوتەی ئاسایش عەلی مەحمود لەلایەن یاساوە داواکراوە، ئەوا ڕێگای ئوسوڵی ئەوە بوو کە بەفەرمانی دادوەر و بەشێوەیەکی فەرمی ناوبراو بانگبکرێتە بەردەم دادگا و پۆلیس.

....حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم کردەوە سەرکوتگەرانەیەی هێزە چەکدارەکانی پارتی بەتوندی ڕیسوا و شەرمەزار دەکات، هاوکات سەلامەتی گیانی عەلی مەحمود ئەخاتە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی هەولێرەوە و داوای دەستبەجێ ئازادکردنی دەکات. “

★

# وتەی دەشتی جەمال لە کۆنفرانسی ساڵانەی وەرکەر لیبرێتی Worker Liberty



رۆژی ٣٠/٤/٢٠٢٣ لە لەندەن کۆنفرانسی ساڵانەی ڕێکخراوی وەرکەر لیبەرتی بەڕێوەچوو. تیمێکی حزب کە پێکهاتبوون لە دەشتی جەمال بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوەی حزب و موحسین کەریم سەرنوسەری بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر بەشداربوون و دەشتی جەمال بەناوی حزبەوە ووتەیەکی پێشکەش کرد کە لەخوارەوە دەقی وتەکەی بڵاودەکەینەوە.

**بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر.**

هاوڕێیان، ئامادەبووانی کۆنفرانسی وەرکەر لیبەرتی

ئەم کاتەتان باش..

سەرەتا بەناوی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان پیرۆزبایی بەستنی ئەم کۆنفرانسەتان لێدەکەم و هیوادارم کۆنفرانس لەڕاستای ئامانجەکانیدا سەرکەوتوو بێت..

هاوڕێیان:

بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئەم کۆنفرانسە ببەینە نێو ڕووداوەکانی دنیای ئەمڕۆ و ئەو دۆخەوە کە کۆمەڵگای بەریتانیا تێیکەوتووە، ئەگەر ئەم کۆنفرانسە لە گۆشەی ئەو ئەرکانەی کە ڕەوتی خەباتی چینایەتی و ئەرکەکانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی جیهانییەوە چاو لێبکەین، ئەوا کۆبوونەوەیەکی یەکجار گرنگ و هەستیارە و ئەتوانێ وەک هەنگاوێکی کاریگەر سەرنجی بۆ بدەین. هەربۆیە ناچارم سەرنجتان ڕابکێشم بۆ دۆخێک کەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی تێی کەوتووەو هەلومەرجێکی تایبەتی لەخەباتی چینایەتی هێناوەتەکایەوە.

ئەمڕۆ هەموومان دەزانین کە ململانێ و پێکدادانی هێز و بلۆکە ئەمپریالیستییەکان چ بەڵاو موسیبەتێکیان ڕووبەڕووی دنیا کردۆتەوە، جەنگو میلیتاریزم، کاولکاری و ئینسانکوژی، گرانی و ئاوارەیی، هەژاری و برسێتی و بێکاری و پەلاماردانی دەستکەوتەکانی چینی کرێکار، تا سیاسەتی هەڵگوشین و لێگرتنەوەی ئابووری، لەپاڵ دەیان موسیبەتی تردا، ژیان و چارەنووسی ملیارەها ئینسانیان لەبەردەم تیاچوونی یەکجارەکیدا ڕاگرتووە. لەمەش زیاتر ناکۆکی نێوان هێزەکانی چینی بۆرژوازی و دەوڵەتانی سەرمایەداری، چ لەئاستی تاک وڵاتی و چ لەسەراسەری دنیادا، بەوە گەیشتووە کە نەک هەر چەندین بزوتنەوە و ئەحزابی کۆنەپەرست و هێزی میلیشیایان بەردەنە گیانی کۆمەڵگا، لەوانەش ئیسلامی سیاسی و ڕاسیزم و فاشیزم، بەڵکو خەتەری شەڕی ناوەکی وەک پەڵەیەکی ڕەش بەسەر سەری کۆمەڵگای بەشەرییەوە ڕابگرن. بەڵام ئەگەر ئەمانە ڕاستیەکانی دنیای ئەمڕۆ بێت، مقاوەمەتی کرێکاران و جەماوەری بەشمەینەت و هەوڵ و تیکۆشانی ملیۆنەها ئینسانی ڕەنجدەر ڕوویەکی تری ڕاستییەکانی ئەمڕۆیە. واتە ئەمڕۆ کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش بۆ بەرگری لەژیان و چارەنووسی خۆیان، بۆ بەشکستکێشانی سیاسەت و کارنامەی دژی ئینسانی باڵەکانی چینی بۆرژوازی و دەوڵەتەکانیان پێیانناوەتە مەیدانەوەو بەشێوازی جۆراوجۆر ڕەوەندی خەباتێکی چینایەتییان نمایشکردووە، ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان لەوڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا، تادەگات بەشۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان لەئێران و لوبنان و عێراق و کوردستان، تا بزووتنەوە جەماوەرییەکان، لە تورکیاو بەشێک لەوڵاتانی عەرەبی...، هەموویان نیشانەکانی ئەم ڕەوەندە لەخەباتی چینایەتی دەخەنەڕوو.

تا ئەو جێگەیەی بەچینی بۆرژوازی و دەوڵەتەکانی و هێزە ئیمپریالیستیەکان دەگەڕێتەوە، بەهۆی ئەو نارۆشنی و بێئاسۆییەی کەتێیکەوتون، واتە بەهۆی نەبوونی ڕێگاچارەو بەدیلیان بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە ئابووری و حکومەتییەی یەخەی پێگرتوون، بەهۆی ڕێک نەکەوتنیان لەسەر دووبارە دابەشکردنەوەی جیهان و جێخستنی سیستمە ئەمنی و ئابوورییە ناوچەییەکانیان و دیاریکردنی ناوچەکانی نفوزیان، نەک هەر بێتوانان لە ئارامکردنەوەی دۆخی جیهانی، بگرە بڕیاریانداوە سەراپای جیهان لەخوێن و کاولکاری و گرانی و هەژاریدا نوقم بکەن. خودی ئەوەی کە لە یەک ساڵی ڕابردوودا، حزبی پارێزگاران زیاتر لە چوارجار سەرۆک وەزیرانی گۆڕیوە و حزبی کرێکارانیش نەیتوانیوە بەدیلێک بۆ قەیرانەکانی حاکمیەت لەبەریتانیا بخاتەڕوو، ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێت کە بۆرژوازیی جیهانی بنبەستە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە سیاسی و ئابوورییانەی یەخەی پێگرتووە. لەیەک وتەدا قەیرانی حکومەتی لەبەریتانیا، نموونەیەکە بۆ بەشێکی زۆر لە وڵاتانی سەرمایەداری ئەورووپا.

لەبەرامبەردا ئەوە کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشە کە سەریان لە دەورەیەکی جموجۆڵی سیاسی و عەمەلی دەرهێناوە و خەریکن بەهوشیارییەکی سیاسی و چینایەتییەوە بەرۆکی چینی دەسەڵاتدار دەگرن، لەم نێوەدا کرێکارانی ئێران و فەرەنسا چرای ئومێدی خەباتێکی چینایەتییان داوەتە دەست هاوچینەکانیان لەجیهاندا، هەموو ئەم دۆخەش ئەگەر بەپێی ستراتیژێکی

سۆشیالیستی و بەخەباتی ئەنتەرناسیونالیستی کرێکاران و سۆشیالیستەکان ڕابەری و ڕێنوێنی بکرێ بەدڵنیاییەوە هاوکێشەی نێوان چینی کرێکارو بۆرژوازی نەک لەئاستی یەک وڵاتیدا، بگرە لەبوعدی جیهانیدا، بەقازانجی شۆڕشی سۆشیالیستی دەگۆڕێ و زەمینەکانی نزیکبوونەوەی چینی کرێکار لەدەسەڵات سازوئامادە دەکات.

هاوڕێیان، ئامادەبووانی کۆنفرانس!

ڕووداوەکانی دنیای ئەمڕۆ و ڕەوتێک لەخەباتی چینایەتی کە جێکەوتووە، سەرنجمان بۆ ڕووداوەکانی سەردەمی کۆمۆنارەکانی فەرەنسا و شۆڕشی ئۆکتۆبەر ڕادەکێشێت، دەورەیەک کە بۆرژوازی لەگەڵ بنبەست و جەنگ و بێئاسۆیی و لێکترازانی ڕیزەکانی بەرەوڕووبن و بەهۆی لەمەیدانادابوونی ڕابەرانێکی کرێکارو سۆشیالیست توانیان دەسەڵات لەدەست چینی بۆرژوازی دەرکێشن و مێژووی جیهانی لەڕیشەوە بگۆڕن.. ئێستا ئەمە لەڕووی میتۆدۆلۆژییەوە ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییەیە کە ئەگەر خەباتی چینایەتی و جەماوەری بەپێی ستراتیژی شۆڕشی کۆمۆنیستی و ئەرکە ئەنتەرناسیونالیستەکاندا ڕێبەری بکرێ بەدەر نیە کە مێژوو ڕاستیەکانی خۆی دووبارە بکاتەوە. کەوایە کۆنفرانس دەبێ لەسەر زەروورەتی ستراتیژی کۆمۆنیستی و دەخالەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی سۆشیالیستەکان و حزبەکانیان لەهەر وڵاتەدا ڕاوەستێ و بەخێرایی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە وەک هێزێک لەکەناردا ڕاوەستاوە. ئێستا ئیتر سۆسیالیستەکان بەسەر پەرشوبڵاوی چینی کرێکار و دووری لێیان ڕاوەستاون و هەنگاو بەرەو ئەرکی ئەنتەرناسوینالیزمی پرۆلیتاری هەڵگرن. ئێستا ئیتر دەبێ سۆشیالیزمی کرێکار ئەلتەرناتیڤێکی عەمەلی بێت لەبەردەم ملیۆنەها ژن و گەنج و ئینسانی زەحمەتکێشدا، بەدڵنیاییەوە ئەم کارە بەبێ دەخالەتی سیاسی سۆشیالیستەکان لەمەسەلە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا و ئەو بەربەستانەی لەسەر ڕێگای خەباتی چینایەتی قوتبوونەتەوە مەحاڵە. ئەمە ئەرکی هەموو لایەکمانە کەدەبێ بەرەوپیری بچین. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ئامادەیە بۆ کارکردن لەگەڵ ئێوەدا تاوەڵامی ئەم دەورەیە بدەینەوە.

هاوڕێیان!

وەک دواووتەم دەمەوێ ئاماژە بەوخاڵە بدەم کە ئێمە لەگەڵ ڕێکخراوی ۆرکەر لیبەرتی لەماوەی ڕابردوودا گەلێک کاری هاوبەشمان پێکەوە کردووە و لەبەشێک لە مەسەلەکاندا هاوڕاییمان هەبووە، ئەم حاڵەتە لەگەڵ ئەوەدا جێگەی دڵخۆشی هەردوولامان بووە، بەڵام هێشتا کافی نیە و دەبێ پەیوەندییەکی پتەوترو خەباتکارانەتر پێکەوە دابڕێژین، دەبێ لەسەر ستراتیژی کۆمۆنیستی ئەرکە ئەنتەرناسیونالیستەکانمان هاونەزەری فکری و عەمەلی بەدەست بهێنین، دەبێ هەردوولامان ببینە ناوکۆکەی یەکگرتووکردنی بەشەکانی کرێکاران و سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان لەئاست وڵاتانی تردا. تا ئەو جێگایەی کە بەکاری هەردوولا لەئاست دۆخی بەریتانیا دەگەڕێتەوە، دەبێ هەردوولامان وەک هێزێکی یەکپارچەی چینایەتی دەرکەوین و پێکەوە دەخلەتی سیاسی و عەمەلی بکەین و ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی لەهێزە بۆرژوازی و ئۆپۆرتۆنیستەکان جیابکەینەوە. ئێمە وەک حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان چاوەڕوانیمان لەکۆنفرانس ئەوەیە کە هەردوولامان بەرەوپیری ئەرکەکانمان لەئاست جیهان و وڵاتی بەریتانیادا بچین و لەسەر ئەو خاڵانە بیروڕا بگۆڕینەوە کە بزووتنەوەکەمان دەباتە قۆناغێکی پەرەسەندووترەوە. هەرلێرەش داوا لەکۆنفرانس دەکەم کە پەیامی خۆی بۆ کرێکارانی فەرەنساو ئێران بگەیەنێ و پشتیوانی لەخەباتیان بکات..

دووبارە هیوای سەرکەوتنی کۆنفرانسەکەتان بۆدەخوازم.. سوپاستان دەکەم

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەکو حزبی چینی کرێکار، خەبات دەکات بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی لەپێناو هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداری و کاری بەکرێ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە و نایەکسانی.**

**شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەرێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ریزێکی رێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە رابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشرەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆرشە لەهەر هانگاوێکدا راستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. دابڕان و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشرەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆرشەیە لە کوردستاندا. هەروەها شۆرشی کرێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپێی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لە پرۆسێسێکی جیاواز و لە هەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەرواتە پێشەوە.**

**لە بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆری شۆرشگێرانە" پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

# چالاکیەکانی حزب بەبۆنەی یەکی ئایارەوە

کوردستان؛

سلێمانی:

ڕۆژی ٣٠/٤ کۆمیتەی سلێمانی مێزکتێبێکی بەبۆنەی ئایارەوە لەبەردەم ناخی گشتی دانا و بەیاننامەی حزب بۆ یەکی ئایارو بڵاوکراوەکانی حزبیان بڵاوکردەوە. شایانی ووتنە ئەو چالاکیەی ڕێکخستنەکانی حزب جێگای پێشوازی بوو، چەندین کەس کە لەوشوێنەوە تێدەپەڕین دەهاتنە لای هاورێیانی حزب و سەبارەت بە ئایارو مەسەلەکانی کرێکاران و خەڵک قسەوباسیان دەکرد. هەروەها کۆمیتەی سلێمانی چەندین لافیتەی لەنێوشاردا هەڵواسیبوو کەدروشمەکانی حزبی تایبەت بە یەکی ئایار، لەسەر نوسرابوو.

کەرکوک:

ڕێکخستنەکانی کەرکوک سەربارى هەڵواسینی چەندین لافتەو پۆستەری حزب لەناو شاری کەرکوک، ڕۆژی یەکی ئایار بەشداریان لەکۆبونەوەیەکی جەماوەریدا کرد کەلەلایان کۆمەڵێک کرێکار و ئازادیخوازانەوە سازدرابوو، شایانی باسە هاوڕێ ئازاد مەجید لەمیدیاکانەوە لەبارەی یەکی ئایارەوە قسەوباسی کرد. هاوکات هاورێیانی حزب ژمارەیەکی بەرچاو لە بەیاننامەی حزبیان بڵاوکردەوە.

گەرمیان:

چەند ڕۆژێک بەرلەیەکی ئایار عوسمان محمد کادری حزب، لە شارۆچکەی کفری بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی سۆشیالیست و هەڵسوڕاوی کرێکاری و ئازادیخواز سیمینارێکی سەبارەت بە دۆخی سیاسی کوردستان و هەلومەرجی ژیان و گوزەران و خەباتی کرێکاران سازدا.

ڕاپەڕین:

لەڕۆژانی ٢٨ و٢٩ی نیساندا، ڕێکخستنەکانی حزب لە ڕانیەو قەڵادزە، بۆ پێشوازی لە١ ی ئایار ڕۆژی جیهانی کرێکاران هەستان بەهەڵواسینی چەند لافیتەیەک لەناوەندەکانی شار کەدروشم و داخوازیەکانی کرێکارانی لەخۆ گرتبوو. هاوکات هاورێیانی حزب ژمارەیەک لە بەیاننامەی حزبیان بڵاوکردەوە کەتایبەت بوو بەیەکی ئایار.

دەرەوەی کوردستان:

بەریتانیا-لەندەن: چالاکی یەکی ئایار کە لەلایەن ڕێکخراوە کرێکاریەکانی بەریتانیاوەو بەبەشداری دەیان ڕێکخراوی کرێکاری و کۆمۆنیستی و چەپی نێشتەجێی بەریتانیا، بەڕێوەچوو، ڕێکخستنەکانی حزب لە لەندەن بە دروشم و پلاکاردی حزبەوە چالاکانە بەشدارییان تێداکرد.

سەرەتا بەپێی نەریتی هەموو ساڵێک خۆپیشاندەران لەبەردەم کتێبخانەی مارکس کۆبونەوەو و دواتر بەرێپێوان بەرەو مەیدانی(ترەفالگار) لە ناوەندی شاری لەندەن بەرێکەوتن کە ژمارەیەک لە ڕابەرانی یەکێتیە کرێکاریەکان سەبارەت بە گرفت و کێشەکانی چینی کرێکار و شەپۆلی نارەزایەتیەکان قسەوباسیان کرد و پیداگرییان لەسەر بەردەوام بوون لە خۆپیشاندان و مانگرتن و نارەزایەتیەکان دژی سیاسەت و بریارە دژی کرێکاری و دژی خەڵکیەکانی حکومەتی پارێزگاران کردەوە و لەناو قسەی وتاربێژەکاندا ئاماژەیان بە سۆشیالیزم وەکو ڕێگاچارەی ڕزگاری و گەڕانەوە بۆ مارکس دەکرد. شایانی باسە کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری لە ئیران بە دروشمێک بەشداری مارشی ئایاری کرد و ڕۆژی پێشتریش شەوێکی هاوپشتی لەگەڵ کرێکارانی ئیراندا ڕێکخست.

ئەڵمانیا:

ڕیکخستنەکانی ئەڵمانیا لە شارەکانی کۆڵن و کالرسرۆ بەشدارییان کرد لە کۆبونەوەو ڕێپێوانی ئایار کە لەلایەن چەندین ڕیکخراوی کرێکاری و کۆمۆنیستی و چەپەوە سازدرابوو. سەرباری بەرزکردنەوەی دروشمەکانی حزب، هاوکات هەستان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی حیزب بەزمانەکانی کوردی، ئەڵمانی و ئینگلیزی و دانانی مێزکتێبی حزب.

کەنەدا:

کۆمیتەی یەکی ئایار کە پێکهاتبوو لەپتر لە ٥٠ یەکێتی و نەقابەی کرێکاریی و حزب و ڕێکخراوی کۆمۆنیست و سۆشیالیست لە کەنەدا و دەرەوەی کەنەدا، ڕۆژی ٣٠ی نیسان ڕێپێوانێکی جەماوەری شکۆداری بەرێخست لە لەمەیدانی فلیپ لەناوەندی شاری تۆرنتۆ( گەورەترین شاری پیشەسازی) بەرەو بەردەمی پەرلەمانی هەریمی ئۆنتاریۆ. کۆبونەوەکە بەقسەی ڕابەرانی کرێکاریی دەستی پێکرد و دروشمی جۆراوجۆر دژ بە گرانی و بێکاری و ناعەدالەتی و جەنگ و ئاوارەیی دەوترانەوە. ڕێکخستنەکانی کەنەدای حزب هاوشانی ڕێکخستنەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حزبی حیکمەتیست(خەتی ڕەسمی) بە دروشم و پلاکاردی حزبەوە بەشداری چالاکانەیان کرد و بەیاننامەی حزبیان بەزمانی ئینگلیزی لەناو خۆپیشاندەراندا بڵاوکردەوە. هەروەها لەنزیکەوە گفتوگۆیان لەگەڵ ڕابەرانی کرێکاریی و جەماوەری کەنەدی تورکی و سریلانکی کرد و بانگێشتیان کردن بۆ ڕۆژی هاوپشتی لەگەڵ کرێکارانی کوردستان کە لە ٧ی ئایار لە شاری تورنتۆ ڕێکدەخرێت.

فینلاند:

ڕێکخستنەکانی فیلەندای حیزب هاوشانی ڕێکخراوە و یەکیتیە کرێکاریەکان لەشاری هیلسنکی بەشداری مارشی گەورەی ئایاری کرد. مارشی ئایار لە سەنتەری "هەکانیەمی"وە دەستیپێکرد وبەرەو مەیدانی "کانسەلایستۆری" بەرێکەوت. دروشمەکانی حزب دژی جەنگ و سیاسەتی لێگرتنەوە و گرانی بوو.

هەروەها هاورێیانی حزب لافیتەکەی گەورەیان هەڵگرتبوو کە وێنەی مارکس و ئەو دروشمەی لەسەر نوسرابوو: تەنیا چینی کرێکار دەتوانێ دنیایەکی باشتر بنیات بنێ. ئەو دروشمە جێگای سەرنج و پێشوازیەکی بەرچاوی بەشداربووان بوو.

سویسرا:

رۆژی یەکی ئایار کۆمیتەی یەکی ئایار کە لەلایەن دەیان ڕێکخراوی سیاسی و کۆمۆنیستی و کرێکاری بەناوی کومیتەی ئایاری سویسرا پێکهاتبوو، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانیش ئەندامی کومیتەکە بوو لەشاری زیورخ ڕێپێوانێکی شکۆمەندی دەستپێکرد، بەبەشداری زیاتر لە١٠هەزارکەس و بەشیعاری ژن ژیان ئازادی و چەندین داواکاری لەچەشنی کەمکردنەوەی سەعاتکارو دژی گرانی و کەمی کرێی ژنان لەبەرامبەر کرێی پیاوان و ماوەی سێ کاتژمێری خایاند.

سوید:

کۆمیتەی سویدی حزبی کۆمونیستی کرێکاری کوردستان بە هاوبەش لەگەڵ ڕێکخستنی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەشداری مارشی ئایاری کرد لە شارەکانی ستۆکهۆڵم و مالمۆ. لە شاری ستۆکهۆڵم بەپێی ئامارەکان نزیکەی دەهەزار کەس بەشدار بوون، سەرەتا لە مەیدانی "مێدبۆریەپلاستسن" کاتژمێری ١٢ نیوەڕۆ، کۆبوونەوەی جەماوەری دەستیپێکرد، پاشان بەڕێپێوان بەرەو ناوەندی شار لە "کۆنستراگۆردن" بەڕێکەوت. دروشمی دژی سەرمایەداری لەچەشنی ئەوەی " سەرمایەداری سەرچاوەی هەموو مەینەتی و بێمافیەکانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشە"، "بژی سۆشیالیزم" درووشم لە دژی گرانی و لە دژی میلیتاریزم و کێشمەکێش و شەڕی جەمسەرە سەرەکیەکانی سەرمایەداری، لە درووشمە سەرەکیەکانی ئایاری ئەم ساڵ بوو بەیانی حزب بە زمانی سویدی بڵاو کرایەوە لەم چالاکیانەدا.

نەرویج:

ڕێکخستنەکانی نەرویجی حزب بەشداری بەرچاویان هەبوو لە کۆبونەوەو ریپێوانی ئایار و سەرەتا کۆبونەوە لە گۆڕەپانی "گرۆنلاند تۆرگ" لە شاری ئۆسلۆ دەستی پێکرد، کە لەلایەن کۆمیتەی خەبات (کامپکۆمیتە)ەوە ساز کرابوو. هاورێیانی حزب لافیتەیەکیان بەرزکردبۆوە کە لەسەری نووسرابوو (نا بۆ جەنگ، نا بۆ میلیتاریزم، بۆپێشەوە بەرەو شۆڕشی سۆشیالیستی) لەگەڵ چەند وێنەیەکی مارکس و چەند دروشم و تراکتێکی تردا کە دژی سیاسەتی سکهەڵگوشین و گرانی بوو. دواتر خۆپیشاندەران بەرێپێوان بەناو شەقامە سەرەکیەکانی ئۆسلۆدا بەڕێکەوتن تا گۆڕەپانی کرێکاران لە "یونگستۆرگە". لەوێدا وێڕای وتەی بەشێک لە ئامادەبووان کە جەختیان لەسەر ئەوە ئەکردەوە کە نابێ کرێکاران باجی قەیرانی ئێستا و ئاسەوارەکانی بدەن. شایەنی وتنە دەیان بەیاننامەیڕێکخراوی دەرەوە بە زمانی نەرویجی بەنێو ئامادەبوواندا بڵاوکرایەوە. دوای تەواوبوونی ریپێوان و کۆبونەوەی ئایار، کرێکاران و خەڵکی کەمدەرامەتی ڕێکخراو لە یەکێتیە کرێکاریەکان و دواتر ئەحزاب و ڕێکخراوەکان درێژەیان بە رێپێوانەکە دا بەناو شاردا. لەکاتی ڕێڕۆیشتنەکەدا لە هەردوو لای شەقامەکەندا خەڵکانێکی زۆر بەچەپڵە پێشوازییان لە ڕێپێوانەکە و دروشمەکان ئەکرد. لەنێو ئەو دروشمانەدا کە سەرنجی خەڵکی ڕائەکێشا و لەچەندین لاوە ڤیدیۆ و وێنەی لێئەگیرا لافیتەکەی حزب بوو.

ئوستراليا:

ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ نیسان، بەبۆنەی یەکی ئایارەوە، لە هۆڵێکی ڕازاوە بەدەیان لافیتە و تراکت و پۆستەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، مەراسیمێک ڕێکخرا. مەراسیمەکە بەسرودی ئەنتەرناسیۆنال لەگەڵ پیشاندانی سلایدی خۆپیشاندانەکانی کرێکاران و خەڵکی فەرەنسا دەستی پێکرد. دواتریش پەیامی وەستا مەهدی سەرنووسەری( دەنگی کرێکار ) لە ڕێی ڤیدیۆ و سکرینەوە، پێشکەشی ئامادەبوان کرا.

پاش ئەوەش، ووتارێک لەلایەن هەڵسوڕاوی چەپ و ئازادیخواز (Ian Rintoul)لە ڕێکخراوی (Refugee Action Coalition)بەبۆنەی یەکی ئایارەوە پێشکەشکرا و تیشکی خستەسەر هەلومەرجی سەختی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی ئوستراليا و بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەک و سیاسەتی لێگرتنەوەی دەوڵەت!

★

**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

# جەنگی دژە شۆڕشی سوپا و میلیشیاکان لە سودان!

## نوری بەشیر

جەنگی نێوان سوپا و میلیشاکان پێی نایە چوارەمین هەفتەوە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئاگاداری دا کە ئەم جەنگە زیاتر لە ٧٠٪ی نەخۆشخانەکانی لەکار خستووە. خەڵک لە برسێتی و نەبوونی پێداویستیە ڕۆژانەییەکانی خۆراک و نەبوونی ئاو و کارەبا بەسەر دەبەن. زیاتر لە یەک ملیۆن کەس ئاوارەی وڵاتە دراوسێکانی وەک: چاد، میسر، سودانی باشور، ئەسیوبیا، ئەریتریا و لیبیا و ئەفریقای ناوەڕاست، بوون. زۆرێک لە وڵاتە گەورەکان بەپەلە هاوڵاتیانی خۆیان لە سودان کێشایەوە. نزیکەی زیاتر لە چوار ملیۆن کەس لە جێگاو ڕێگای خۆیان رایان کردووە ئاوارەی ناوچەکانی تری سودان بوون. ژمارەی کوژراو خۆی دەدات لە هەزار کەس و بریندار چەند هەزاری تێپەڕاند کە لە نێویاندا منداڵانێکی زۆرن هەن. خەرتومی پایتەخت لەژێر ڕەحمەتی دەسەڵاتی سەرباز و هێرشی میلیشیاکاندایە بەردەوام. ناوچەی دارفور جەنگی خێڵەکی زۆر تێیدا توند بۆتەوە. زیاتر لە یەک ملیۆن پەنابەری وڵاتانی تر کە لە سودان دەژیان ئاوارەی وڵاتانی ناوچەکە بوون، بە هەزاران تەن لە یارمەتی ڕێکخراوە خێرخوازیەکان بۆ خەڵکی سودان لەلایەن سوپا و هێزە ملیشیاکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە نەدراوە بە بەخەڵکی.

ئەم جەنگە کە لە ١٥ی ئەپریلی ئەمساڵدا لەنێوان هێزەکانی سوپا بە ڕابەرایەتی عەبدولفەتاح بورهان و هێزە میلیشیاکانی پشتیوانیی خێرا بە سەرکردایەتی محەمەد حەمدان دەقلو ناسراو بە حەمیدێتی دەستپێکرد و پێش ئەم بەرواره هەردووکیان وەک یەک هێزی سوپای چەکدار لە بەرەیەکدا بوون لەبەرامبەر جەماوەری نارازی و ڕاپەڕیوی سودان و حزب و هێزە مەدەنیەکاندا کە بەرگرییان لە نارەزایەتیەکانی خەڵک دەکرد، لە گفتوگۆدا بوون بۆ گوێزانەوەی دەسەڵات بۆ دەسەڵاتی مەدەنی.

ئەم جەنگە ترسناکەی ئێستا بەدژی خەڵکی سودان دەستی پێکردووە بۆ کۆتاپێهێنانە بەو خرۆشان و شۆڕشە جەماوەریەی کرێکاران و زەحمەتکێشان دژ بە نایەکسانی ئابوری و هەژاری و سەرکوتی سیاسی بەرپایان کردو لە ئەپریلی ٢٠١٩دا دەسەڵاتی چەندین دەیەی عومەر حەسەن بەشیریان لەدەسەڵات هێنایەخوارەوە. بەڵام بەکۆتاییهاتنی دەسەڵاتی بەشیر کۆتایی بەدەسەڵاتی بۆرژوازی نەهات، بەوهۆیەوە کە شۆڕش ئەرکەکەی خۆی تەواونەکرد. بۆرژوازی ئامادەترو بەتەجروبەتربوو، سیناریۆی جۆراوجۆری بەکارهێنا. سەرەتا سوپا بۆ ڕزگارکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی لەژێر زەبری شەپۆلی شۆڕش و خرۆشانی جەماوەری رازیبوون بە قوربانیدان بە دەسەڵاتی عومەر حەسەن بەشیر و زیندانیکردنی و دواتر لیژنەی هاوبەشی سەربازی و مەدەنی پێکهێنا کە گوایە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ دەسەڵات بگوێزرێتەوە بۆ دەسەڵاتێکی مەدەنی.

لەم دەورییەدا وەک دەورەیەکی شۆڕشگێڕانە لەخوارەوەی کۆمەڵگادا ڕێکخراوبوون دەستیپێکرد لەکۆمیتەکانی بەرگری گەڕەک و لەمەیداندابوونی هێزەکانی ڕێکخراوە مەدەنیەکانی وەک کۆمەڵەی پیشەگەرانی سودان و ڕێکخراوە کرێکاریەکان و هێزی ئازادی و گۆڕان، بەردەوام فشاری جەماوەر لەسەر هێزەکانی سەربازی زیادی دەکرد و ئەمەش ترسی خستبوە دڵی دەسەڵاتی سەربازی و میلیشیاییەکان. ترسیان لەم دەسەڵاتە دوولایەنە و نارەزایەتیەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا هەبوو کە دەست بەرن بۆ راماڵینیان، بۆیە لە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ کودەتایەکی سەربازیان کردو کوشتارێکی زۆریان کردو دەسەڵاتی سەربازی خۆیان یەک دەستکردەوە. عەبدولفەتاح بورهان بووە سەرۆک و محەمەد حەمدان دەقلو بووە جێگری. بەڵام ئەمە نەیتوانی پاشەکشە بە هەلومەرجی نارەزایەتیەکان بهێنێت و بەدوای سێ ڕۆژ لە کودەتاکە لە ٣ی ئۆکتۆبەردا نارەزایەتی سەرتاسەری سودانی گرتەوەو زیاتر لە چوار ملیۆن خەڵک ڕژانە شەقامەکانی شارە گەورەکان و بەدروشمی "نا" بۆ دەسەڵاتی سەربازی و خوازیاری دەستبەجێ گواستنەوەی دەسەڵات بۆ دەستی حکومەتێکی مەدەنی بوون.

هەلومەرجێکی شۆڕشگێرانە بەردەام بوو. لەسەر هەر بانگەوازێکی کۆمیتەکانی بەرگری گەڕەک لەگەڵ هەموو فشارێکی دەسەڵات و برینی هێڵەکانی ئەنتەرنێت و سەرکوتی خۆپیشاندانەکاندا، بەڵام نارەزایەتی ملیۆنی بەدژی دەسەڵاتی سەربازی ئەنجامدەدرا. بەوهۆیەوە هێزەکانی سوپا بەناچار کەوتنەوە سازش و چاوبەست و جارێکی تر

**بەهرەمەندبوونی کرێکارانی کوردستان لە یاساکارێکی پێشڕەو و هاوچەرخ مەسەلەیەکی دەستبەجێی و هەنووکەییە بۆ پاراستنی ژیان و کەسایەتی و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران!**

بانگەوازی پێکەوەکارکردنی دەسەڵاتی دوولایەنەی سەربازی و مەدەنییان کرد. بەڵام دەسەڵاتدارانی سەربازی کە خۆیان دەستیان بەسەر بەشێکی بەرچاوی ئابوری سوداندا گرتوە، قبوڵکردنی ئەو دۆخە کارێکی پەسەندکراو نەبوو.

کەموکوڕی سەرەکی شۆڕش و جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی ڕاپەڕیو، کە لە نەبوونی ئاسۆی سیاسی سۆشیالیستی و ڕێکخراوی سیاسی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاردا خۆی بەرجەستە دەکرد، کە ئەوەش وایکرد جەماوەر لەناو وەهمی حکومەتی مەدەنیدا گیربخۆن، نەک شۆڕشەکەیان تا ڕامالینی سەرجەم دەسەڵاتی بۆرژوازی بە سەربازی و مەدەنیەوە درێژە پێبدەن، وایکرد کە سەرەنجام فرسەت بداتە دەست بۆرژوازی کە لەرێگای هێزەکانی سوپا و میلیشیاکانی سەر بە عەبدولفەتاح بورهان و محەمەد حەمدان دەقلو، شەرێکی ناوخۆیی بەسەر خەڵکی سوداندا بسەپێنن کە لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەو هێزە ئیمپریالیستیەکانەوە ئاگرەکەی خۆش دەکرێت. ئامانجی ئەم شەرەش لەباربردنی هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەو کۆتاییهێنان بە دەورو نەخشی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش لەمەیدانی سیاسیدا و بێ ئیرادەکردنیان. دوای ئەوەش هێزە شەرکەرەکان خۆیان وەک ئەوەی ئێستا لە سعودیە لە دانیشتندان و بە پاڵپشتی وڵاتانی زلهێزی سەرمایەداری جیهانی و ناوچەیی ڕێکبکەون و دەسەڵاتێکی سەربازی بەهێزی سەرکوتگەری بۆرژوازی جێگیربکەنەوە لەژێرناوی سودانی یەکدەست و یەکپارچەدا و جارێکی دیکە دەسەڵات و سەروەت و سامانی کۆمەڵگا لەنێوان خۆیاندا دابەشبکەنەوە.

★

# بەیاننامەی هاوبەشی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان، سەبارەت بەپشتیوانیکردن لەمانگرتنی کرێکارانی ئێران!

بەپێی هەواڵێک کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران/ حیکمەتیست ( خەتی ڕەسمی)، بڵاویکردۆتەوە، چەندرۆژ دەبێ شەپۆلێکی تازەی مانگرتنی کرێکارانی ئێران لەبەشێکی زۆر لەناوەندە پیشەسازیەکان، کە تا کاتی نوسینی ئەم بەیانە نزیکەی ٨٥ ناوەندی گرتۆتەوە، سەریهەڵداوە. مانگرتنە کرێکاریەکان ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز و پترۆکیمیایی و ئاسن و پۆڵا، لەشارەکانی عەبادان، بوشەهیر و یەزد و دەیان شاری پیشەسازی تری گرتۆتەوە و کرێکاران پشتیوانی و یەکریزی خۆیان لەدەوری خواستی زیادکردنی کرێ بەرێژەی ٧٩٪ بەدەستهێناوە و وەک هێزێکی یەکپارچەی چینایەتی لەبەرامبەر کۆمپانیاکان و کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاوەستاون.

ئەم شەپۆلە لەمانگرتنی کرێکاران لەگەڵ ئەوەدا کە دەورەیەکی تازەو بەرەبەیانێکی نوێ و لاپەڕەیەکی تر لەخەباتی چینی کرێکاری ئێران لەپێناو ژیانێکی ئازاد و شکۆمەندانە بەرەوپێش دەبات. هاوکات لەدرێژەی خۆیدا پایەکانی دەسەڵاتداریتی چینی بۆرژوازی و حکومەتی ئیسلامی لەئێراندا لەرزاندوە.

بێگومان بەرەوپێشچونی چینی کرێکار لەئێران لەم خەباتەیدا، دەتوانێ نەک ڕابەریەکی چینایەتی و شۆڕشگێرانە و ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ سەرکەوتنی جولانەوەی شۆڕشگێرانەی جەماوەری زەحمەتکێش دابینبکات، کە ڕۆژانە بۆ یەکسانی و بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی یەخەی کۆماری ئیسلامی گرتوە، بەڵکو نمونەیەکی سەرکەوتوانە و ئومێدبەخش لەخەباتی یەکگرتوانەی کرێکاران لەئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بدات بەدەستەوەو لەلایەن کرێکاران و جەماوەری نارازیەوە، لەخەباتی خۆیاندا لەدژی دەسەڵاتە سەرکوتگەرو کۆنەپەرست و گەندەڵەکانی ناوچەکە بەدەستیەوە بگرن و وەک مەشخەڵێک بۆ گۆڕینی هاوکێشەی چینایەتی و بەدیهێنانی گۆڕانکاری ڕیشەیی بەدەستیەوە بگرن.

هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان، سەرەڕای ئەوەی پشتیوانی بێدریغی خۆیان لەم شەپۆلە لەمانگرتنی کرێکارانی ئێران و داخوازیەکانیان ڕادەگەیەنن، هاوکات سەرکەوتنی کرێکارانی ئێران و بەدیهاتنی خواستەکانیان بەسەرکەوتنێکی گەورە بۆ چینی کرێکار لەعێراق و کوردستان دەزانن. هەربۆیە هەردووحزب بانگەوازی چینی کرێکار لەعێراق و کوردستان دەکات کە پشتیوانی لێبکەن و لە سەنگەری خەباتی کرێکارانی ئێران لەدژی دەسەڵاتی سەرمایە لەئێراندا ڕاببوەستن. نابێ کرێکارانی ئێران و مانگرتنەکانیان لەم جەنگە چینایەتیەدا بەتەنیا جێبهێڵرێن، بەربۆیە هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان بە ئەرکی خۆیان دەزانن کە هاوپشتیەکی فراوانی کرێکاریی لەئاستی ناوخۆ و جیهاندا بۆلای ڕابکێشن و بەوپەڕی توانایانەوە بەم ئاراستەیە دەستبەکاربن. ئێمە خۆمان بەبەشێک لەئۆردوی کار و خەباتی ئەنتەرناسیونالیستی کرێکاری دەزانین و بەتەواوی توانامانەوە لەپاڵ کرێکارانی ئێران و خەباتەکەیاندا ڕادەوەستین.

بژی هاوپشتی جیهانی کرێکاریی

سەرکەوێت خەبات و مانگرتنە کرێکاریەکان لەئێران

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٢٥ی نیسانی ٢٠٢٣**